www.kurdistannet.org
20-2-2007 16:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستان و کەمالیستەکان ... مزەفەر عەبدلوەهاب

دوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیا لەپرۆسەی رزگاری عێراقدا بڕیاری ئەوەی وەرگرت کە زەوی و ئاسمانی ئەو وڵاتە لەبەردەم هێزەکانی ئەمریکا دابخات، ئیدی ئەمریکای زلهێز وەکو هاوپەیمانی پێشووی سەیری ئەو وڵاتەی نەکرد، تاڕادەیەکیش پشت گوێی خست و ئەگەری ئەوەش هەیە لەداهاتوودا دووچاری باجێکی قورسی بکات.

لەبەر ئەوەی هەرلەکاتی دامەزراندنی کۆماری عەلمانی تورکیا تاکو ئەمڕۆ سیاسەتی باڵای ئەو وڵاتە بەدەستی عەسکەرەوەیە و ئەوانیش دەرویشی هزرو بۆچوونە گەنیوەکەی پێشوون و دوور لەکاروانی گۆڕانکارییەکان هەنگاو دەگرن بۆیە هەمیشە بوونەتە قوربانی ئەو بۆچوون و سیاسەتە هەڵەیە و وڵاتەکەیان نغرۆی نائومێدی و قەرز و داتەپینی ئابووری کردووە.

سیاسەتی ئەم وڵاتە لەهەمبەر دراوسێکانیدا هەمیشە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەرامبەر بە کوردیش هەرچەندە تاکو ئێستا کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دژایەتی مافە ڕەواکانی دەکات و لەو ڕێگەیەشدا لە پلانرێژی بەردەوامە! کوردو تەنانەت وشەی کوردستان بەلای ئەوانەوە لە مەسەلە قەدەغەکراوەکانە و خستۆتیانە بۆتەی مەترسی بۆ سەر ئەمنی قەومی کۆمارە ناوازەکەیان!

ئەم کۆمارە لەسەردەمی دروستبوونییەوە سستمی عەلمانی ڕاگەیاندووەو پیادەشی کردووە و بە هیچ شێوەیەك خۆی بە وەریسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دانەناوە (هەرچەندە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش داگیرکەر بووە) بەڵام کاتێك مەسەلە دێتە سەر چارەنووسی کوردو وروژاندنی مەسەلەی ویلایەتی موسڵ ئەوا تورکە شۆڤێنییەکان لە عەسکەرەوە بگرە تا سیاسیەکانیان خۆیان بە دەرویش و نەوەی دڵسۆزی سوڵتانەکان دەزانن و دێنە سەر خەت و لێدوانی سەیرو سەمەرە بڵاودەکەنەوە و زۆر جاریش هەڕەشە دەکەن! کاتیکیش لەمپەرو دیواری پۆڵایینی کوردی باشووری کوردستانیان بیردەکەوێتەوە ئەوا فو لەخۆیان دەکەن و چەك و جبەخانەی سەربازییان دەخەنە کارو هێزەکانیان لەسەر سنور مۆڵدەدەن.

هەموو جارێ بە پاساوی ڕاوەدوونانی هێزەکانی (p. k. k) سنورەکانی کوردستان دەبەزێنن و زەرەرو زیانێکی زۆر بە ناوچە کوردییەکان دەگەیەنن و دەیان کوردیش شەهید دەکەن، ئەوان لەبری دانوستان لەگەڵ ئەو هێزە شۆڕشگێڕە، لەبری ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە کوردییانەی کە خودی خۆیان داگیریان کردووە، لەبری ئاوڕدانەوە لە ئابووری نێو خۆی وڵاتەکەیان، هەڕەشە لە دراوسێکانیان دەکەن! ئەم سیاسەت و هەڵوێستەی ژەنەراڵ و سیاسیە تورکەکان تاوەکو ساتی ئەمڕۆمان درێژەی هەیە، لە دوا لێدوان و ڕاگەیاندنی عەبولڵاَ گوڵی کوری سوڵتان نەجمەدینی عوسمانی وەزیری دەرەوەی ئەو کۆمارە عەلمانی و دیموکراتەدا گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەڵێ (ئێمە (ویلایەتی موسڵ) مان بۆ عێراقێکی یەکگرتوو جێهێشت، پێویستە ئەم وڵاتەش بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و ڕێگەنادەین بە دابەشکردنی، هەر جۆرە دابەشکردنێکیش ئەوا ڕێکەوتننامە کۆنەکان هەڵدەوەشێنینەوە) ! زۆر لە سیاسەتمەداران ئەم لێدوانە و لێدوانەکانی پێشووی سەرەك وەزیرانیش بە بانگەشەیەکی هەڵبژاردن دەدەنە قەلەم، بەڵام گەر بێت و بە وردی بۆ بکری ئەوا جگە لەوەی دوفاقی ناوبراومان بۆ ڕووندەبێتەوە، بۆمان دەردەکەوی کە ناوبراو و گەلی کوردستان بە مولکی باوباپیرانی خۆی حیساب دەکات و موسادەقەکردنی ڕێکەوتننامەی برۆکسڵی ساڵی (1926) یش بەغەدرو زەوتکردنی مافی کەمالیستەکانی براو ئامۆزای خۆی دەزانی! کە لە بنەمادا ئەو ڕێکەوتننامەیە درێژەی هەردوو ڕێکەوتننامە شوومەکەی لۆزانە و زلهێزەکان بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هێنایانە بوون، بەوەش غەدرێکی گەورەی مێژوویان لە کورد و گەلی کوردستان کرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوفاقی ناوبراویش لەوەدا دەردەکەوی کە لە کاتێکدا داوای یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، لە هەمانکاتدا میوانداری چڵکاو خۆرەکانی خۆی و گروپە توندڕەوەکانی عەرەبی سوننە مەزهەبی ئەو وڵاتە دەکات لەسەر خاکی خۆیی و کۆنگرەو کۆبوونەوەیان بۆ ڕێکدەخات بۆ دژایەتی کردنی کورد و عەرەبی شیعە مەزهەب ئەویش لە پێناو تێکدانی دۆخەکە لە عێراق بە یەکجاری و دوورکەوتنەوەی زیاتری نەتەوەو مەزهەب و تایفەکانی ئەو وڵاتە لە یەکتری، گەر ئەمەیان دروستکردنی ئاژاوەو هەوڵی دابەشکردنی عێراق نەبی گەواهی چی دەدات؟

لە دوایین سەردانی (ناگوڵ) بۆ ئەمریکاش هەمیشە قسەی لەسەر مەسەلەی کەرکوك و ئەو خاڵە جەوهەرییانە کردووە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، دیارە بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش وەلامێکی ئەوتۆی وەرنەگرتۆتەوە کە بەهۆیەوە دڵی ئاو بخواتەوەو

خەونی بەدیهێنانی ئامانجە گلاوەکانی جەنابی و هەزارانی وەکو ئەو بێتە دی.

زۆر سەیرە ژەنەڕاڵ و سیاسەکانی تورکیا لەهەزارەی سێیەمی مێژوودا بەم شێوەیە بیر بکەنەوەو هەمیشە بەدوای ئەم خەونە وەنەوشەییە سەر خەو بشکینن!گەربێت و واقیعیانە بیر نەکەنەوەو ئیعتراف بەبوونی کوردو کوردستان نەکەن و بۆچوونی سەقەتی 100 ساڵ لەمەوبەریش تورِ نەدەن، ئەوا خۆیان شەرمەزاری دونیا دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.